# حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران
# سنووری خۆی لەگەڵ کوردستان دادەخات



ئەحمەد چەلەبی مەحموود ئەحمەدی نەژاد جەلال تالەبانی

ئێران بە دوژمنی سەرەکی خۆی ناوێری ، پڕ دەداتە وڵاتێکی هێمن و بێدەسەڵات و بێکەسی وەکی کوردستان . ئەو ئەحمەدی نەژادە ، لە هەموو شت دەچێت ، تەنها لە سەرۆکی وڵاتێک ناوەشێتەوە کە خاوەنی ئەو کۆلتورە کۆنەیە ، شارستانیەت شانازی پێوەدەکات .ئەمریکا بە گەورەیی خۆی شەڕ بە ئێران دەفرۆشیت و ڕێگاش دەدات ئەحمەدی نەژاد بە کەیفی هەوای دڵی ، لە دانشگای کۆڵۆمبیا قسان بکات . لە {میوانخانەی سلیمانی پالاسی} شاری سلیمانی ، سەربازانی ئەمریکا پشت ملی ئاغای مەحمودی فەرهادی [بەناو بازرگانی] گرت و راپێچی زیندانە تایبەتیەکانی خۆی کرد ، ئەو لەشکری ئەمریکایە هیچ ریز و حورمەتێک بۆ دەستوور و یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان دانانێت و بە کەیفی خۆی خەڵکی دەگرێت ، بەبێ ئەوەی پسولەی دادوەرێک یا قازی یەکی هەبێت . هیچ دەسەڵاتدار ، یان پۆلیس و پێشمەرگە و چەکدارانی کوردستان بۆیان نی یە ئەو سەربازە ئەمریکیانە [قف] بکەن و لێنەگەڕێن دەستدرێژی بکەن . یا بەپێی یاسایی بجولێنەوە .وڵات داگیرکراوە و ئەمریکاش داگیرکەرە بۆیە بەو شێوەیە دەجولێتەوە.

ئێران لەبەرامبەر ئەو کردەوەیە ، کوردستان دەداتە بەر تۆپان و سنووری بازرگانیش دادەخا.ئێران وا تیدەفکری کە کوردەکان بە پیلانی ئەمریکا دەجولێنەوە ، تینافکری کوردیش بندەستی ئەمریکایە و لەشکری ئەمریکا ، بە فەرمانی وڵاتەکەی نەک بە فەرمانی کورد هەڵسوکەوت دەکات .ئەوە ئێستاکە دەبوایە ئەمریکا ملی ئەحمەدی نەژادی ، لە نیویورک بگرتبایە وەکی ئەسیر ، یەخسیری بکردبایە ، ئینجا ئەو ئیرانە دادەنیشت و ئاقڵ دەبوو، یا رەنگە شیعش فێری خۆ تەقاندنەوە دەبوو، ئەمریکایان دەهەژاند . ئەوەتا ئەحمەدی نەژاد بە ئاشکرا پەشیمان دەبێتەوە و لە بەرامبەر قوتابیانی دانیشگا ، دەڵێ ئیمە بۆ کاری ئاشتی بنکەی ئەتۆممان دەوێت و داواش دەکات زیاتر لێکۆڵینەوە دەربارەی هۆلۆکۆستی یەهودی یەکان بکرێت . قەرارگای رەمەزان بۆ ئەمریکایەکان وەکو [قەرارگای بازرگانی] سەیر ناکرێت ، بەڵکو قەرارگای سەربازی و دەزگای جاسوسی یە . جەلال تالەبانی بەناوی سەرۆکی عێراق دیسان قسەی خۆی هاویشتە کەندێ و داوای بەڕەڵابوونی ئەو ئیرانی یانەی کرد. جاری پێشووش داوای کرد ، ئەوانەی لە هەولێر گیران بۆی بەرەڵا بکرێت ، کەچی بۆشی بەرنەدرا و هەنووکەش گوێیان بە وەفاداری یەکەی مامجەلال نەدا بۆ ئێرانی دراوسێ و جارێش لەبەر خاتری مامجەلال بەڕەڵای ناکەن . ئەمریکا کەیفی بە مامجەلال دێت ، بەڵام لۆ بەرامبەر ئێرانێ وەکی ئەحمەد چەلەبی سەیری دەکەن ، ئەگەر مامجەلال زیاتر لۆ ئێرانێ شۆڕ بکات . لەشکری ئەمریکا دەتوانن لە دۆکانێ یان لە قەڵاچۆڵان یان لە

سلێمانی  راپێچیشی بدەن یا ئەوەتا لە ناوچەی [سەوزی بەغدا]ی بیگرن . هەر بۆ ئەو مەبەستە مامجەلال لە شوێنی حەوانەوەی خۆی لە سلێمانی لەگەڵ [ژەنەڕاڵ باربارۆ] کۆبۆوە و رەنگە لەویش داوای کردبێت ئەو فەرهادەی لۆ ئازاد بکەن ، بەلأم هەتا ئەو کاتە وا من ئەو چەند پەیڤە دەنووسمەوە ، ئاواتەکەی مامجەلال نەهاتۆتە دی . ئەحمەد چەلەبی زارۆکی ئەمریکی یە و خۆشی هاووڵاتی ئەمریکایە و پاسەپۆرتی ئەمریکایشی هەیە  ، لە بەغدا هەر ئەو لەشکری ئەمریکایە ریسوای کرد .هەموو کۆمپیوتەر و کەلوپەلی بارەگاکەیان خستە ناو فەردان  و بردیان .هەرکێ بوایە لە جێگای چەلەبی {بای بای} لە ئەمریکا دەکرد .مامجەلال و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پێویست ناکات خۆیان بکەنە تەرەفی شەڕێک کە نە [حوشتر و نە ئەسپی] بۆ کوردی تێدا نی یە . با ئێران و ئەمریکا بۆخۆیان و بە هاوکاری دۆستان یان بتوانن بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن و ئەو ئەسیرانەش بەرامبەر شتی تر لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە . ئەو بازرگانی یە سیاسیەی لە نێوان ئێران و ئەمریکا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مالکی جێبەجێ نابێت . ئێران بۆی ناکرێت و نابێت ئەو بۆشاییەی ئەمریکا لە عێراقی تازەدا پڕ بکاتەوە ، جا با حکومەتەکە مالکی بێت یا سیستانی بێت یا حەکیمی بێت ، هەر ئێران بچمێکی ناشرینە لە عێراقی تازەدا .

فــەهــد گــردەوانــی 2007/9/25 ستۆکهۆڵم